# منداڵانی باڵەک

مانگانەیەکی منداڵانە –تایبەت بۆ منداڵانی (باڵەکایەتی) دەردەچێت ژمارە (١) حوزەیران - ٢٠٠٨

**(منداڵانی باڵەک):** هەنگاوێکە بۆ گەشەپێدانی بەهرە و تواناکانی منداڵانی دەڤەری (باڵەکایەتی) و بیر ڕۆشنکردنیان بە زانیاری جۆراوجۆری سودبەخش و گونجاو لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و تەمەنیاندا.

## ئامانجەکانی (منداڵانی باڵەک):

–هاندانی منداڵانی باڵەکایەتی بۆ خوێندنەوە و زیاتر ئاشنابوون بە کتێب و گۆڤار.

–ناساندن و هاندانی منداڵانی بەهرەمەندی دەڤەری باڵەکایەتی.

–بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی منداڵانی باڵەکایەتی: چیرۆک، هۆنراوە، نیگار، .. .

–هۆشیارکردنەوەی منداڵان لە گرنگی بوارەکانی تەندروستی ژیانی مرۆڤ.

–هۆشیارکردنەوەی منداڵانی دەڤەرەکە لە بایەخ و گرنگی پاراستنی ژینگە.

–ئاشناکردنی منداڵان بە سروشت و ناسینی باڵندە و ئاژەڵان.

–ئاشناکردنی منداڵان بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و زانستی هاوسەردەم.

– هاندانی منداڵانی باڵەکایەتی بۆ بایەخدان بە زمان و وێژە و فەرهەنگ.

– گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی منداڵان لە بواری جۆراوجۆردا.

---

**دەستەی نووسین:**

**محەمەد مێرگەیی**

**کەریم حەمەدەمین**

**محەمەد عەوڵڵا**

**منداڵانی خۆشەویستی باڵەکایەتی:**

–بە ناردنی (بابەت، چیرۆک، هۆنراوە، نیگار) بەشداری لە بڵاوکراوەکەتاندا بکەن.

–بە بیروڕا و سەرنجتان بڵاوکراوەکەتان بەرەو پێشەوە ببەن.

**ئیمەیڵ:**
muhamada4@yahoo.com
**مۆبایل:** ٤٢٤٢٧٤١

**تیراژ:** (٦٠٠) دانە
**نرخ:** (٢٥٠) دینار

# پاداشت

وەرگێڕانی/ محەمەد مێرگەیی

لە گوندێکدا جوتیارێکی زۆر هەژار و نەدار هەبوو، هەموو ئێوارەیەک دەچوە دەوروبەری گوند و بیری لەوە دەکردەوە چۆن خۆی و خێزانەکەی لەو هەژارییە ڕزگاریان ببێت.

ڕۆژێکیان لەو کاتەی وەك نەریتی هەمیشەی خۆی بۆ دەرەوەی گوند بە ڕێگادا دەڕۆیشت، لە پڕدا و لە بەرزایی ئاسمانەوە مراوییە کێوییەکی بینی باڵەفرکێی دەکرد و پاشان لەبەردەمی ئەودا کەوتە سەر زەوی، ئەویش لە مراوییەکە چوە پێش و بینی باڵێکی شکاوە، بۆیە هەڵیگرتەوە و بردییەوە ماڵەوە. لە



ماڵەوەدا زامی مراوییەکەی تیمارکرد و خواردنیشی پێدا، بەڵام ژنی جوتیارەکە ئەمەی پێ ناخۆش بوو، بە مێردەکەی گوت: ئەوە چی دەکەیت؟ خواردن بەشی خۆمان ناکات، چۆن دەیدەیتە ئەم باڵندەیە؟! جوتیارەکە گوتی: ژنەکە ئەوە تۆ نابینیت باڵندەکە بریندارە؟

ژنەکە گوتی: با بڕوات و بچێتە لای کەسانی تر خواردن بخوات.

بەڵام جوتیارەکە گوێی بە قسەی ئەو نەدا و گوتی: هەتا باڵندەکە چاك دەبێتەوە من خواردنی پێدەدەم.

ژنەکە گوتی: بەڵکو دەبێت هەر ئێستا وازی لێ بهێنیت.

پیاوەکە گوتی: هەرگیز وازی لێ ناهێنم.

یەکێك لە دوو کوڕەکانی پیاوەکەش گوتی: ئەرێ باوکە بۆ باڵندەکە نەبرژێنین و نەیخۆین؟

لەو کاتەدا مراوییەکە کەوتە قسە لەگەڵ پیاوەکەدا و گوتی:

لەوە دەچێت مانەوەم لێرە ببێتە مایەی گرفت و ناخۆشی بۆ خێزانەکەت، بۆیە وا چاکە لێبگەڕێیت بڕۆم و بە خۆم چارەی خۆم بکەم.

بەڵام پیاوەکە گوتی: تاکو توانای فڕینت نەبێت لەو ماڵە ناچیتە دەرەوە.

بەمشێوەیە مراوییە کێوییەکە لە ماڵی جوتیارەکەدا مایەوە تا بە تەواوی چاك بۆوە و دەیتوانی بفڕێت.

ئیتر ڕۆژێکیان جوتیارەکە بە دەستی خۆی هەڵیگرت و لەگەڵ ژن و دوو کوڕەکەی بردیە بەر هەیوانەکە و هەڵیفڕاندەوە ئاسمان. دوای کەمێك بینیان مراوییەکە گەڕایەوە لایان!

پیاوەکە گوتی: ئێستا زۆر بە باشی دەتوانیت بفڕیت، ئەی بۆچی گەڕایتەوە؟

ژنەکەی کەوتە قسە و گوتی: ئا ... تازە فێربووە هەر لە ماڵی خەڵکدا خواردن بخوات، بۆچی خۆی ماندو بکات و بە دوای خۆراکدا بگەڕێت؟!

مراوییەکە گوتی: بۆ ئەوە هاتومەتەوە، تا پرسیارتان لێبکەم ئاخۆ چ پاداشتێکتان دەوێت لە بەرامبەر ئەو چاکەیەی لەگەڵ مندا کردتان؟

ژنەکە بە دەنگێکی ناسازەوە پێکەنی و گوتی: پاداشت؟! جا باڵندەیەکی وەکو تۆ بە چی دەتوانێت پاداشتمان بداتەوە؟!


مراوییەکە لە یەکێك لە کوڕەکانی جوتیارەکەی پرسی: حەز لە ماسی دەکەیت؟

کوڕەکە گوتی: بەڵێ .. جا کێ هەیە حەز لە ماسی نەکات؟!

مراوییەکە لەگەڵ هەڵفڕینەوەی بۆ ئاسمان، ئاوڕێکی بە لای ژنەکە دایەوە و گوتی:

ئاگرێك هەڵگیرسێنە بۆ سوورکردنەوەی ئەو ماسییانەی ئێستا بۆتان دەهێنم.

زۆری نەبرد مراوییەکە چەند ماسییەکی گەورەی بۆ هێنان.




دوای ئەوە کوڕی جوتیارەکە بە مراوییەکەی گوت: ئایە دەتوانیت دەفتەری نیگار و قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگم بۆ بهێنی؟

کوڕەکەی تریشیان گوتی: منیش جانتایەکی نوێم دەوێت، چونکە جانتاکەم کونبووە و لە ڕێگای قوتابخانەدا پێنووس و کتێبەکانم دەکەونەخوارەوە.

مراوییەکە گوتی: ئەوەی داوای دەکەن گرانە، بەڵام من هەوڵدەدەم بۆتان بهێنم، ئیتر هەڵفڕییەوە ئاسمان و ڕۆیشت.

جوتیارەکە لەمە سەری سوڕما بوو و دەیگوت: باشە قەیناکە ئەم باڵندە توانی ماسیمان بۆ بهێنێت، بەڵام تێناگەم چۆن دەتوانێت دەفتەر و قەڵەم و جانتا بهێنێت!؟

دیسان ژنەکە گوتی: مراوییەکە درۆی لەگەڵ کوڕەکانماندا کرد، ئیتر ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە.



دوای ماوەیەك، مراوییەکە هاتەوە و مرواریيەکی زۆر جوانی بە دەنوکەکەی هەڵگرتبوو، هێنای و خستیە بەردەمیان.

ئەوان کە ئەمەیان بینی باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد و لە خۆشیاندا نەیاندەزانی چی بکەن!

جوتیارەکە لە مراوییەکەی پرسی: ئەم مرواریيە جوانەت لەکوێ هێناوە؟

مراوییەکە وەڵامیدایەوە و گوتی: ڕۆژێکیان لە ناو هەناوی ماسییێکی گەورەدا دۆزیمەوە و لە شوێنێکدا هەڵمگرتبوو تاوەکو ڕۆژێك بیکەمە خەڵات و دیاری یەکێك کە شایستەی بێت، ئەوە ئێستاش ئێوە بوونە شایەنی و پێشکەشی ئێوە بێت.

مراوییەکە لە قسەکردن بەردەوام بوو، گوتی:

ئەم مرواریيە بەنرخە بفرۆشە و کوڕەکانت چیان پێویستە بۆیان بکڕە، پارەکەی تریش کە دەمێنێتەوە بۆ ڕزگاربوون لە هەژاریی، بەکاری بهێنە.

M. Mergaye 2022

ئیتر مراوییەکە دوای ئەم قسانە باڵەکانی کردەوە و ویستی بفڕێت.

جوتیارەکە بە خۆشحاڵییەوە گوتی: بۆ کوێ دەڕۆیت؟

مراوییەکە گوتی: دەڕۆم بگەمەوە هاوەڵەکانم، دەڕۆینە یەکێك لەو دەریاچانە.

ژنەکە گوتی: ئەرێ جارێکی تر ناتبینینەوە؟!

مراوییەکە گوتی: ئەی چۆن .. من هەمووساڵێك بەسەر دێیەکەتاندا تێدەپەڕم، ساڵی داهاتو لە کاتێکی وەکو ئێستادا دەتانبینمەوە، ئیتر تا دیدار خوا حافیز.

خێزانەکەش بە خۆشی و شادیەوە دەستیان بۆ بەرزکردەوە و هەموو پێکەوە گوتیان: خوا حافیز.



سەرچاوە/ گۆڤاری (العربی الصغیر) ژمارە (١٧٨) ساڵی ٢٠٠٧

# پشووی هاوین

**کازم کۆیی**

ئێستا پشووی هاوینە
کات لە لام زۆر شیرینە
کاتم بەفیڕۆ نادەم
بۆ ژیریم هەوڵدەدەم
بە خوێندنەوەی هەمەجۆر
فێردەبم زانستی زۆر
دەچمە خولی کۆمپیوتەر
یاخود مۆسیقا و هونەر
یا درومان و سەرتاشی
یا جواننووسی و دارتاشی
وە یا لە ماڵ دەمێنم
وێنەی جوان دەنەخشێنم
وە یاخود بە میکانۆ
یاری دەکەم لەسەرخۆ
یاخود باخچە ڕێك دەخەم
یا سەیری (کارتۆن) دەکەم
ئەگەر دایەی خۆشەویست
ئیشیَ، کارێکی لێم ویست
یارمەتی دەدەم یەکسەر
ڕێزی دەخەمە سەر سەر
پشوو بۆ کاری چاکە
بژی ئەوەی چالاکە

---

سەرچاوە: نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ

# هۆنراوەی منداڵی کورد

**محەمەد عەوڵڵا مێرگەیی**


M. Mergaye

من منداڵێکی کوردم
زیرەکم هەرچەند وردم
وڵاتی خۆم خۆشدەویَ
بەڵای لە گیانم کەویَ
کوردستان نیشتیمانمە
هێز و تین و گیانمە
بۆ ژینگەی وڵاتی خۆم
با بتوێمەوە وەك مۆم
بۆ پاکیی کوردستانم
تەرخان دەکەم ژیانم
وەك بولبولی سەرچڵی
حەز ناکەم لە پۆخڵی
پێمخۆشە وەك ئەو هەردەم
گوڵزاربیَ ماڵ و ژینگەم
حەزدەکەم هەروەکو هەنگ
چوست و چالاك و چەلەنگ
وڵاتم پاك ڕابگرم
هەرواش دەبم تا دەمرم
یاخوا ئاوابیَ وڵات
شار و شارۆچکە و دێهات

*****************************

*****************************



# ساتێك پێبكەنە!

* دایك: دارا، بۆچی ئاوی كوڵاو دەدەیت بە مریشكەكە؟
دارا: چونكە دەمەوێت هێلكەی كوڵاوم بۆ بكات!

* خەپان: دایكە كاتێك كە تۆ منداڵ بوویت دەچوویت بۆ قوتابخانە؟
دایك: بەڵێ كچم.
خەپان: باوكیشم دەچوو بۆ قوتابخانە؟
دایك: بەڵێ كچم.
خەپان: كەواتە ئەو كاتە من بە تەنها لەماڵەوە دەمامەوە!؟

سەرچاوە: بۆچی پێناكەنیت–وەرگێڕانی: فرمێسك ڕزگار (خانەی سمۆرە)

---

# (خەندە) و خۆشترین ڕۆژانی هەفتە

**وەرگێڕانی/ محەمەد مێرگەیی**

M. Mergaye 2022

من هاوڕێتان (خەندە)م، ئەمە ناوی منە، پێتان دەڵێم بۆچی بەم ناوە ناونراوم، من لە سپێدەی ڕۆژێكی جواندا لەدایكبووم، زۆرجار دایكم بە خۆشەویستییێكی زۆرەوە یادی ئەو ڕۆژە دەكاتەوە، كاتێك باوكم لەو ڕۆژەدا بۆ یەكەمجار منی بینی خەندەم بۆ دەكرد، بوومە مایەی گەشبینی بۆی، بۆیە ئەویش بە پەرۆشەوە ماچی كردم و ناوی لێنام (خەندە)، بەڵام من هەمیشە دەم بەخەندەم، دەم بەخەندەم بۆ خۆر .. بۆ ژیان .. بۆ دواڕۆژ و



ئایندە. تۆش وەك من هەردەم و هەمیشە دەم بە خەندە بە، تاكو خۆر و ژیان لێت دلگیر نەبن. با تۆش وەكو من دواڕۆژ بە دەستەكانییەوە لە باوەشت بگرێت. جارێكیان (ژیان)ی هاوڕێم پرسیاری لێكردم: (خەندە) كام ڕۆژ لە ڕۆژەكانی هەفتەت زیاتر خۆشدەوێت و بە لاتەوە زۆر خۆشە؟ بە خۆشییەوە وەڵامدایەوە: من ڕۆژی شەممەم خۆشدەوێت. گوتی: بۆچی؟!

گوتم: چونكە لە دوای ڕۆژی شەممە، ڕۆژی یەكشەممە دێت، لەدوای ئەویش ڕۆژی دوشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و پێنجشەممە، ئینجا هەینی دێت. بەمە (ژیان)ی هاوڕێم زۆر پێكەنی، چونكە نەیزانی كام ڕۆژ لە ڕۆژەكانی هەفتەم زیاتر خۆشدەوێت.

سەرچاوە/ گۆڤاری (مجلتی) ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٤

# مام ڕێوی و لالۆ حاجی لەقلەق



لە دارستانێکی سەوز و پڕ لە گیانلەبەردا، مام ڕێوی و لالۆ حاجی لەقلەق پێکەوە ئاواڵ و هاوڕێ بوون، ڕۆژێك مام ڕێوی خالۆ حاجی لەقلەقی بانگهێشت کرد بۆ ماڵی خۆی، هەڵوای بۆ لێنا و لە لەنگەرێکی پەلدا لە پێشی دانا، مام ڕێوی فەرمووی لە خالۆ حاجی لەقلەق کرد تاکو دەست بە خواردنی حەلوا بکات، ئینجا مام ڕێوی بۆ خۆشی زۆر بە تام و ئیشتیا ملی لەبەر خواردنی حەلوا نا، خالۆ لەقلەق بە دەنووکە درێژەکەی هەرچەندی کردی نەیتوانی هەڵوایەکە بخوات، هەر تەقەی لە قاپەکە دێنا و هیچی بە بەر دەم نەدەکەوت، سەرەنجام ماندوو بوو، بۆیە کشایەوە و گوتی:

–بە زیادی بێت.

M. Mergaye 2022

پاشان لە کاتێکدا هەر قووڕەی لە زگی دەهات لە ماڵی مام ڕێوی بە دەر کەوت و ئەویش ئەوی بۆ سبەی نیوەڕۆ بانگهێشت کردەوە.

ڕۆژی دواتر و لە کاتی بانگهێشتەکەدا بۆ ئەوەی خالۆ حاجی لەقلەق بە مام ڕێوی بسەلمێنێت کە کاری دوێنێی هەڵە بووە، هێنای دانووی لێنا و بۆی دەناو گۆزەیەکی قووڵ و مل باریك کرد، لالۆ لەقلەق بۆ خۆی زۆر بە ئاسانی خەریکی خواردنی دانووەکە بوو، بەڵام مام ڕێوی هەرچەندی سەری بەسەر گۆزەکەدا دادەگرت و زمانی دەردەکێشا، زار و دەمی نەدەگەیشتە چێشتەکە، هەر بۆیە لە حەژمەتان ژانی کرد و لێیدا ڕۆیشت!

**********************************************************

سەرچاوە: چیرۆکی شیرین بۆ منداڵانی خوێن شیرین– نووسەر: تۆڵستۆی– وەرگێڕ: سولەیمان دڵسۆز.

# ئایە دەزانیت؟

* شاخی (هەڵگورد) بەرزترین چیای کوردستانە و بەرزییەکەی (٣٦٠٧) مەترە لە ئاستی ڕووی دەریاوە.

* قەزای (چۆمان) لە (چوار) ناحیە پێکهاتووە کە بریتین لە (گەڵاڵە، قەسرێ، سمیلان، حاجی ئۆمەران).

* شاعیری گەورەی کورد (حاجی قادری کۆیی) لە ساڵی ١٨٥٣ز لە باڵەکایەتیدا لە حوجرەی گوندی (شێخ وەتمان) و گوندی (گرتك) خوێندوویەتی.

---

## جیهانی نیگار و ڕەنگەکان



ئەم نیگارە بە ئارەزووی خۆت ڕەنگ بکە

M. Mergave 2022



**باخی فەرهەنگ و پەیڤ**

باڵەك: باڵاكێو، كێوی بەرز

دەڤەر: ناوچە

ئاشنابوون: ناسین، دۆستبوون

نیگار: وێنە

وێژە: ئەدەب

زام: برین

دەریاچە: دەریای بچووك

پەیڤ: وشە

ئاواڵ: هاوڕێ

لالۆ: خاڵۆ

لەنگەر: قاپی گەورە

هەڵوا: حەلوا